www.kurdistannet.org

27-9-2007 22:28بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

The Centre of Halabja Against Anfalization and Genocide of the Kurds C.H.A.K www.chak.be

Nawendî Helebce Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd CAK chak_org@yahoo.com

**چاک لە ئاست سووککردنی سزای سەپاو بەسەر بکوژانی 182000 ئەنفالکراو بێدەنگ نابێت**

وەك ئاشکرایە سزای سەپاو بەسەر تاوانکارانی ئەنفال لە لایەن کەسوکاری ئەنفالکراوەکان داواکراوە و پڕ بە پێستی ئەو درندەییانەیە کە بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەنجامدراوە. ئێمە و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بە پەرۆشەوەین بۆ هاتنی ئەو ڕۆژە مێژوییەی سزاکەی تێدا جێبەجێ بکرێت، کە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی نەتەوەکەماندا تاوانبارانێك لە پای ئەو تاوانانەی دژ مان ئەنجامیانداوە سزای خۆیان وەردەگرن، هەر بۆیە لای ئێمە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ئاسایی نابێت وەك هەر ڕۆژێکی دیکە.

سوککردنی سزای سەپاو بەسەر تاوانکاران و چاوپۆشی لە تاوانی تاوانکارانی دی، داڵدەدانی بەشێکی دییان، تاوانن لە هەمبەر قوربانیانی ئەنفال دەکرێت، ئەوە جگە لەوەی دژی یاسا و دەستووری عێراقە کە حکومەتی ئێستای عێراق ئیمزای کردووە.

بە گوێرەی بڕگەی 27 لە یاسای کەتنکاری دادگای باڵای عێراق ژمارە 10 ی ساڵی 2005 نابێت کەس بە سەرۆك کۆماری عێراقیشەوە سزایەك سووك بکات یان گۆڕانکاری تێدا بکات یان بڕیارێکی کۆمارییان بۆ دەربکات، دەبێت سزاکان لە ماوەی 30 ڕۆژدا جێبەجێ بکرێن. هەروەها بە گوێرەی مادەی 73 ی دەستووی عێراق سەرۆك کۆمار دەتوانێت لێبوردن تەنیا لە تاوانەکانی گەندەڵی مالی، کارگێڕی، تیرۆر و تاوانە نێونەتەوەییەکان دەربکات. هەربۆیە بۆ کەس نییە سزای تاوانبارانی ئەنفال سووك بکات یان بگۆڕێت.

هەر بۆیە ئێمە لە ئاست هەر سازشێك لەمبوارە بێدەنگ نابین و ناچار دەبین بانگەوازی نارەزایەتی بدەین لە ناوخۆی کوردستان و هاندەران دژ بە کردار و هەڵوێستی لەم چەشنە، هەر کەسایەتی و لایەنێکی سیاسیش لە پشتییەوە بووەستن، بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان و نارەزایەتی جۆراوجۆر، سەرکۆنەو شەرمەزاری دەکەین، ناچار دەبین دەنگی خۆمان بگەیەنینە هەموو جێگایەك دژ بە سازشکردن لەسەر بڕیارەکانی دادگا و پێویستە هەموو جەماوەری کوردستان یەکگرتووانە دژ بە هەر سازشێك بوەستینەوە لە هەمبەر سووککردنی سزای سەپاو بەسەر تاوانکاران، لە ژێر ناوی هەر بیانوییەکدا ئەنجامبدرێت.

ناوەندی چاك
2007-9-26
www.chak.be
chak_org@yahoo.com

تێبینی: جگە لەم ماڵپەڕو ئیمەیلە خاوەند هیچ ئیمەیل و ماڵپەڕێکی دیکە نین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.